# کۆنگرەی ئازادی عیراق ڕێکخراوی خەڵکی عیراقە بۆ گەڕانەوەی مەدەنیەت وجێگیری سیاسی

**ئەمجەد غەفور**

بە گویرەی راپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان هەشت ملیۆن خەلکی عیراق دەربەدەرن و شوینی ژیانیان بەجێ هیشتووە، جگە لەمەش نەتەوە یەکگرتووەکان داوا لە وولاتانی دراوسێی عیراق دەکەن کە سنوورەکانیان دانەخەن و کراوەبێت بۆ هەلاتنی زیاتری خەلکی عیراق، هەروەها یەکیتی ئەوروپا بە ملیار کۆمەك دەنیرن بۆ پشتیوانی لە پەناهەندە عیراقیەکان و داوا دەکەن کە رێ بە پەناهەندەکان نەدرێ برۆنە ناو خاکی ئەوروپاوە، ئەو پارەیەش کە دەینێرن داوا دەکەن لە کەمپەکانی وولاتە دراوسیکانی عیراقدا خەرج بکرێت.

حالەتیکی سەرنج راکیشە، کیشەی عیراق چۆتە ئاستیك خەریکن باسی پاراستن و ریکخستنی تەواوی خەلکەکەی لە ناو ژیانی دەربەدەری و پەناهەندەیی و سەرگەردانی و کەمپەکاندا دەکەن، ئیتر ئەندازیارانی "جەنگی دژی تیرۆر"، نەمانی تیرۆرستان و جگیربون و دابین کردنی ئەمنیەت لە ناوخۆی عیراق بە بن بەست نیشان ئەدەن، پەیداکرنی ریگەچارە بۆ گەرانەوەی ئارامی سیاسی بە بێ ئاسۆ دەخەنەروو، بەم قسەو نەخشانە دەیانەوێت ئەو پەیامە راگەیەنن، عیراق تەواو بووەو دەستیان لیشتووە، دیارە ئیتر هیچیان بۆ ناکرێت و ناتوانن عیراق لەو کیژاوە دەری بهینن، پلانی ئارامکردنەوەی وەزعی سیاسیان بۆ پەیدا نابێت و شکستی جەنگی دژی تیرۆر رادەگەیەنن، بۆیە بە خەلکی دەلێن بۆ خۆتان فریای خۆتان بکەون، بۆ ئەوەش بە خەلکی دەلین تەنهالە دەرەوەی سنورەکانی عیراق ئەتوانن خۆتان و منالەکانتان لە مەرگ و شەری مان و نەمان بپاریزن.

پرۆسەی بە ناو "رزگاری عیراق" بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان و کۆنگریسی ئەمریکی و ئەوروپای یەکگرتوو.. بۆتە سەلماندنی سیاسەتی ئاوارەیی و دەربەدەریی بۆ دانشتوانی عیراق، بۆتە بەردەوامی حەتمی شەری تائفی و قەومی.

هەلگرانی "پەیامی رزگاری عیراق" بە دەولەتی ئەمریکا و هاوپەیمانانی و بە پشتگیری ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە هەگبەکەیان بەشی چەواشەکاری و دروشمی قەبەی تیا نەماوە، لە ناو گیژاوی وەزعی سیاسی و شەری تایفی و کوشتاری بەکۆمەل بێ وەلام و بێچارە گیریان کردووە، هەنگاو بە هەنگاو پیشوازی لە شکست و کارەساتی گەورەتر دەکەن، رەسمیەت بە ناجیگیری و نالەباری وەزعی سیاسی و ئەدەن.

بەراستی سەلماندیان ئەوانە ویرانکەری عیراق بون و ژیانی چەندین ملیون ئنسانیان لە مەترسی بەردەوامدا راگرتووە، چارەنوسێکی نادیار و وەزعیەتێکی سەرگردانی وەهایان بۆ ئایندی خەلکی عیراق فەراهەم هیناوە کە بۆ ناو خۆی دەولەتەکانی خۆشیان بۆتە قەیران و کیشەو ململانێی سیاسی، جۆرج بۆش لە ناچاریا ڤیتۆ بەکار دەهینێت تا هیزەکەیان لە عیراق ئاش بەتال نەکات، تۆنی بلیر دەست لە کارو سەرۆکایەتی دەولەتی بەریتانیا دەکیشێتەوەو دان بە هەلەکانیدا دەنێت، مالکی لە شەرم الشیخ داوای ئمکاناتی مالی بۆ میلشیاکەی و کابینە گەندەل و ریسواکەی دەکات و بەئاشکرا بەرژەوەندی خەلکی دەخەنە لاوە.

وەزعیەتی نائەمنی عیراق لە هەمووکات کارسات بارترو ناهەموارترە، تەقینەوەکان پەلیان هاویشتووە بۆ هەولیر و مەخمور..، نازانی چ کارەسات و وێرانکاری تر بەدوایدا دێت، هەموو رۆژ زیاد لە سەد لاشەی مردوو لە شارەکانی عیراق ئەدۆزریتەوە، مانای ژیان و گوزەرانی ئارام لە عیراقدا وەها لێکترازاوە، هیچ ئاسۆیەك لە فەزای کیشمەکیشی نیوان میلشیاکانی ئیسلامی و ناسیۆنالستەکان و هیزەکانی ئەمریکادا بەبەرچاوی خەلکی عیراقدا تێناپەرێێ.

لە رۆژی یەکەمی داگیرکردنی عیراقەوە، ئەم ئایندە تاریکە لەلایەن ئیمە حزبی کۆمۆنستی کریکاریەوە پیشبینی کراو بانگەوازمان بۆ کردو بەدژی وەستاینەوە، داوامان کرد بەری پێ بکیرێت، بەلام دۆستانی دلسۆزی سیاسەت و نەخشەکانی دەولەتی ئەمریکا ئیمەیان بە ناحەزانی "رزگاری عیراق" پێ ناسە دەکرد، بە کورت نەزەرو ناواقعی و بێ ئاگا لە دنیا ناونوسیان دەکردین.

بەلام بەداخەوە وەزعیەتی سیاسی و کۆمەلایەتی ئیستای عیراق لەوە زیاتر تێ پەریوە کە بە باس و لیکۆلینەوە بخوازین پیشبینیەکانی خۆمان بسەلمینین، دەبێت پێداگری لەسەر ریگە چارەکانمان و نەخشە عەمەلی ریگای رزگاری خەلکی عیراق لەم مەینەتیانە بکەینە ئەلقەی ئەسلی و جدی، بە تەنگ ئەم هەلومەرجە نالەبارەوەبین و بە فریای ژیانی خەلکەوە بین، خەلکی بپاریزین و رزگاریان بکەین.

چونکە هیزە سیاسەکانی سەر بە پرۆسەی "رزگاری عیراق" لە خودی دەولەتی ئەمریکا و دامەزرینەرانی حکومەتی ئیستای عیراق تەواو بەبێ ئاسۆو ناکۆك و سەرگەردان کۆمەلگە بەریوەدەبەن، کۆمەلگەی عیراقیان تەسلیم بە دەربەدەری و ئاوارەیی و هەلاتن و برسیتی و کوشتن کردووە، ئەم حالەتە بەرەو کوێ دەبەن تاکەی وەها دەبێت، نەك ناتوانن هیچ تروسکایەك دەرخەن، بەلکو بۆ خۆشیان رۆلیکی سەرەکیان هەیە لە پەرەپیدانی وەزعیەتی ئاوارەیی و دەربەدەری

خەلکیدا، بە ئاشکرا رەواج بە شەری تائفیو قەومی ئەدەن، رەواج بە دزیو گەندەلیو فەزای نائارامی سیاسیو کوشتنی بەکۆمەل ئەدەن، حەتمیە کە پیك هینانی حکومەتی بەرەی لیك هەلوەشاوی ئیسلامیو عەرەبو کوردو شیعەو سونە لە ویرانکاری زیاتر هیچ بەرهەمیکی تریان نابێت.
خەلکی عیراق هیچ چارەیەکیان نیە جگە لە رامالینی هیزی داگیرکەرو تەواوی میلشیایی حکومەتیو هیزە تیرۆرەستەکان نەبێت، یان هەلبژاردنی ئاوارەییو ژیان لە کەمپەکانی وولاتانی دراوسیدا، بۆ مانەوە لە ناو عیراقدا پیوستە بە دەوری ریکخراویکی سیاسی ئازادی خوازو ئنسانیدا خۆمان ریکخەنو چەکدار بکەین تا بتوانین لە بەرامبەر ئەو هیزە درندەو نائنسانیانەدا خۆمان راگرینو بجەنگین.
کۆنگرەی ئازادی عیراق ئەو ریکخراوە سیاسیە لە پیناوی رزگاریو ئازادی و ئنسانیەتو ئەمنیەتی خەلکی عیراقدا خەبات دەکات، حزبی ئیمە پشتیوانی تەواوی خۆی بۆ کۆنگرەی ئازادی عیراق راگەیاندووە، چونکە پیشبینی ئەوە دەکەین تروسکایی ئاسۆی رزگاری خەلکی عیراق لەم کیژاوو نائەمنیو مەینەتیانەی ئیستادا لە ریگای بەهیزبونی کۆنگرەی ئازادی عیراقەوە بەدەست دەهینرێت.
چونکە ریکخراویکی سیاسی بەهیز ئەتوانێ خەلکی عیراق لە کیژاوو کارەساتی شەری تائفیو قەومی دەربهینی کە هەول بۆ دەمەزراندنی دەولەتیکی غەیرە قەومیو غەیرە دینی بدات، باپەند بێت بە ئازادی بێ قەیدو شەرتی سیاسی، دەورو دەخالەتی راستەو خۆی خەلکی لە دەسەلاتی سیاسیدا دابین کات، لەمەیدانی دژ بە شەر تائفیو قەومیدا بجەنگێت، هەولبدات هیزەکانی ئەمریکا بکاتە دەرەوە.
کۆنگرەی ئازادی عیراق ئەو ریکخراوە سیاسیەیە کە خەلکی عیراق بە کریکارانو ریکخراوە کریکاریەکانو رابەرانی کریکاریەوە، بە خەلکانی زەحمەتکیشو ئازادی خواز، تەواوی ئەو هیزو لایەنە سیاسانەی چارەنوسی ئاسودەیی خەلکیو جگیربونی سیاسی عیراقیان بۆ گرنەگە ئەتوان پەیوەست بن پیوەیو بە هیزی بکەن.
حزبی کۆمۆنستی کریکاری عیراق لەپیناوی رزگاریو ئازادیو ئاسودەیی بۆ خەلکی عیراق پشتوانی تەواوی خۆی بۆ گۆنگرەی ئازادی عیراق راگەیاندووەو لە ریزەکانی کۆنگرەدا خەبات دەکات.

2007/5/13